# ڕێکخەری ڕێکخراوی ژنان لە سوید
# سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤی کرد...




پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ 2008/10/13 بەڕێز د.شوان محەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت چاوی کەوت بە (بریانا جونسن) ڕێکخەری ڕێکخراوی ژنان کە ڕێکخراوێکی سویدیە بۆ سەردانی کوردستان هاتبوو بۆ هاوکاری و هەماهەنگی کردنی کاری مافی مرۆڤ  کە پەیوەندە بە مافی ئافرەتان...

لەم چاوپێکەوتنەدا بەشێوەیەکی گشتی باس لە مافی مرۆڤ کرا لە عێراق و کوردستان بەتایبەتی و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کوردستان هەیە و کە جیاوازی لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق هەیە و کوردستان وەك نمونەیەکی باشە بۆ کارکردن سەبارەت بەمافی مرۆڤ و بەرەو پێش بردنی مافەکانی مرۆڤ و کارکردن لەسەری...

لە تەوەرێکی تری دانیشتنەکەدا باس لە هاوکاری و هەماهەنگی کردن لەسەر رەوشی توندوتیژی دژی ئافرەتان کرا و ئەو کارانەی کە لە کوردستان کراوە و ئەو ئامارانەی کە کۆکراوەتەوە و دیاری دەکات رادەی توندوتیژی لە کوردستان بە چ ئاستێك بووە و ئێستا چ ئاستێکە کە کەمکردنەوەی بەخۆوە بینیوە.

لەکۆتای دانیشتنەکەشدا ئامارێکی فەرمی سەبارەت بە توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان تەسلیم بە رێکخراوی ناوبراو کرا.